www.kurdistannet.org
بەکاتی ناوەندی ئەوروپا 14-10-2006 11:35

# بەرهەمی نوێی هونەرمەند ئاراس ... کوڕی کانی عاشقان

سوید
Falah_30@hotmail. com



ئاراس بە تاک و بە کۆ مامەڵەی ماچ ئەکات
ماچ کردن بە تاک خۆشە یان بە کۆ؟ ئەی ئەگەر گوڵ پێشکەش بە خۆشەویستێکت بکەیت؟ بە تاک باشە یان بە کۆ؟ بەتاک باشە شادی برژێنیت؟ یان بە کۆ؟ تاک لەگەڵ کۆ، دوو وشەی لەیەکتر جیاوازن، هەیەکەیان مانای خۆی هەیە، من لەمەتێ ناگەم و ناشزانم { ماچ کردن و گوڵ پێشکەش کرد و شاد کردن} بە تاک باش و خۆشن؟ یان بە کۆ؟، ئەم پرسیارەم لە ئاراس{ خەپەگیان} کرد، ئەویش لەوەڵامەکەیدا بۆ من ئاوای وت:- برام کوڕی کانی عاشقان؟ ئەگەر ئەتەوێت وەڵامەکەت بەمێ؟ یان بەباشی لە تاک و کۆ تێبگەیت؟ئەوا گوێ بیستی بەرهەمێکی نوێی بەندەی خۆتان بن، وەک جەژنانەیەک بۆ دیاری جەژنی رەمەزانی پیرۆز، بە تاکۆ بە کۆ وەڵامەکەتان ئەدەمەوە، ناشزانم ئێوەش بە تاک لێم وەر ئەگرن؟ یان بە کۆ... !!،



{ تاک و کۆ} ناونیشانی بەرهەمێکی نوێ ی{ ئاراس} ە، هۆنراوەکەی هاوبەشە لە نێوان{ بەشارەت و نەبەز و ئاراس} ئاوازی هونەرمەند { ئارس} ە و دابەشکردنی موزیکیش لەلایەن{ نەبەز و های و ئاراس}ە،
ئاراس لە وتەیەکی کورتیدا وتی:- ئەم بەرهەمە نوێیەم ئەکەمە دیاری بۆ گوێگرانی بەرێز، لە جەژنی رەمەزاندا ئەتوانن راستە و خۆ گوێبیستی بن لە ماڵپەرەکەمدا
www. aras. se
بەهەمان شێوە ئەتوانن لە ماڵپەڕی چرادا گوێی لێ بگرن
www. chrax. com
ماوەتەوە بڵێم بۆ سەرجەم گوێگرێکی بەرێز ئەتوانن لە ماڵپەرەکەی خۆم{ ئاراس} هەر هەموو بەرهەمە نوێ یەکەم هەڵبگرن لای خۆتان، پاشانیش لە سەرجەم رادیۆ کوردیەکانی ناو کوردستان و دەرەوەی کوردستان پەخش دەکرێت بۆ زانیاریتان.
لە کۆتایدا ئاراس گیان ئێمەش هەریەکەمان لای خۆمانەوە چ بە{ تاک} و چ بە{کۆ} سوپاسی ئەو دیاریە بەنرخەت ئەکەن، هەرشاد و سەرکەوتووبیت لەکارەکانتا.